## بانگهێشتێك بۆ هەموو پەناخوازان

## بەرپرسایەتی مرۆڤ بۆ گەشتن بە ئازادی،  وەستان لە ریزەکاندا نیە، بەڵکوو تێکدانی ریزەکانە.

ئەی ئەو پەناخوازانەی لە دۆخێکی نامرۆڤانەدا لە وەڵاتی ئەڵمانیا دەژین و ژیان و داهاتووی خۆتان و منداڵەکانتان بەڕەورووی مەرگێکی پەیتا پەیتا دەبینەوە. لە کەمپەکەکانی پەناخوازیدا و لە هەل و مەرجێکی هەلاوێردراو و وەك هاوڵاتی پلە دوو دەژین و هەردەم چاوەڕێی حوکمی نامرۆڤانەی دیپۆرتن، لە حاڵێکدا هەموو کێشی کۆمەڵگاتان لەسەر شانە  لە دوایین ریزەکانیی‌دان و لەوەش زیاتر ناچار بە پێملی کۆمەلێك یاسی وەکوو سنووردارکردنی هاتووچۆ کراون، ئێستا کاتی هەستان و رووبەڕووبوونەوەیە. چوونکوو چیتر نامانەوێت وەك جاران پەسیڤ و بێکردە بین و سەیری خۆکوژی پەناخوازان  و هەل و مەرجی نالەبار و دژە مرۆڤانەیان بین.

ئَستا پاش تێپەڕینی ٥ مانگ لە مانگرتنی پەناخوازان لە ئەڵمانیا ( کەسەرەتا لە مانگی مارسی ٢٠١٢دا دەستی پێکرد و پاشان هەموو شارکانی گرتووە)، بزووتنەوەکەمان بەرەو هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر و جیدی تر دەڕوات.

**ئێمە رێز ناگرین لەو یاسایانەی رێز لە مرۆڤ بوونمان ناگرێت.**

پەناخوازانی مانگرتوو لە سەرجەم شارەکانی ئەڵمانیا دەستیان داوەتە کردەوەیەکی یەکدەست و بە هێزە و پریاریان داوە لە رۆژی هەشتی سێپتامبەری ٢٠١٢ دا لە دوو شوێنی جیاوازەوە بەرەو بەرلینی پایتەخت رێبکەون و لەوێ بە دەوڵەتی ئەڵمانیا بسەلمێنن کە جێ بە جێکردنی هەر جۆرە یاسایەکی نا مرۆڤانە لە چەشنی دیپۆرت، بە توندی وەڵام دەرێتەوە. ئێمە دەنگی خۆمان هەڵدەبڕین و هەتا کۆکردنەوەی ئەو کەمپانەی رێزی مرۆڤ بوون تیایاندا مانای نیە، دەست لە ناڕەزایەتی خۆمان هەڵناگرین.

پەناخوازانی مانگرتوو لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆدەبنەوە و بە کردەوە یاسایی سنووردارێتی هاتووچۆ دەخەنە ژێر پێ و لە پێناوی لەناوبردنیدا تێدەکۆشن.

ئەم رێپێوانە بە دوو شوێنی جیاوازەودا دەست پێ دەکات. یەکەم  بە پێ و لە شاری ورتسبوورگەوە و بە مەبەستی بەرلین و ئەویتریشیان لەرێگەی کەرەسەی هاتوو چۆوە لە رۆژئاوای ئەڵمانیا و پریارە هەر دوو گرووپەکەش لە یەککاتدا لەشاری بەرلین بەك بگرنەوە.

ئەم رێپێوانە لە لایەن پەناخوازانی دوو پارێزگای باشووری ئەڵمانیا (بایەرن و بوونتبێرگ) رێکخراوە بەڵام بە تەنیا ئەم دوو پارێزگایە کۆتایی نایەت. پریارە خۆپیشاندەران لە رێگەدا پەناخوازانی کەمپەکانی دیکەی شارەکانیش هەڵبگرن و بەرەو بەرلین بیانهێنن تا کوو بتوانین لە خەباتی هاوبەش دا و شانبەشانی یەك دەرئەنجامی پێویست بەدەست بهێنین.

**لەبەرلین شان بە شانی یەك تا کوو مسۆگەر بوونی داواکارییەکانمان دەوەستین. ئەو داواکارایانەی لە رۆژی یەکەمەوە بەرز کراونەتەوە بریتین لە:**

کۆکردنەوەی سەرجەم کەمەپکانی پەناخوازی لە هەموو ئەلمانیا.

پووچەڵ کردنەوەی یاسای نا مرۆڤانەی دیپۆرت کە پیملی پێوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی دەسەلاتدارانە

پەناخوازان و پەنابەران و کۆچبەرانی دانیشتووی ئەڵمانیا

ئێمە هەموو مان بە هۆی جیاواز جیاواز وەڵاتانی خۆمان جێهێشتووە بە هیوای ژیانێکی پڕلە ئاسایش و تەندرووستی بە هەزاران کیلۆمەتر رێگەی ئەم وڵاتەمان گرتۆتە بەر. زۆرێك لە ئێمە بە رێگەی تاقەت پرووکێن و پرمەترسی دووو درێژدا خۆمان گەیاندۆتە ئێرە بەڵکوو ژیانێکی باشتر بۆ خۆمان دەستبەر کەین.

کاتی ئەوە هاتوو بەهەمان ئەو پێڵاوانەی بەو رێگە پڕ مەترسیەدا پێی هاتین، ئەمجارە نەك بەتەنیا بەڵکوو پێکەوە چەن سەد کیلۆمەتری دیکە بۆ  دەستبەرکردنی مافەکانی خۆمان ببڕین.

پەناخوازانی دانیشتووی دوو ئەیالەتی باشووری ئەڵمانیا، بایەرن و باتەن بۆتێنبێرگ و ئێمە لە رۆژی هەشتی سێپتامبەردا لە شاری ورتسبوورگ کۆ دەبینەوە بۆ هەڵگرتنی هەنگاو لەم رێگەدا چاوەرێ ئامادەبوونی هەموو لایەك دەكەین.

پەناخوازانی ئەیالەتەکانی دیکەی ئەڵمانیاش چاورێمان بکەن. دەگەیەن لای ئێوەش و بۆ رێکخستنی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بەرەو بەرلین دەکەوینە رێ.

**<u>لەم رێگانە دەتوانن پێوەندی بە ئێمەوە بکەن:</u>**

ئیمەیلی و ژمارە تەلەفۆن لە باکوور و رۆژهەڵاتی ئاڵمان

017679837911

Ashkan.Khorasani@gmail.com

ئیمەیلی و ژمارە تەلەفۆن لە رۆژهەڵاتی ئاڵمان

017669381085

cheislive@gmail.com

**کۆمیتەی رێکخستنی مانگرتنی پەناخوازان لە ئەڵمانی**